
about a week ago




**ڕاپەڕینی ١٩٩١**

March 19 at 11:03 PM ·

دوای دەستنیشانکردنی ناوچەی دژەفڕین لە بەهاری ١٩٩١دا، کە بەشێکی دیاری باشووری کوردستانی دەگرتەوە، داگیرکەران تەنگەتاو بوون، ترسی ئەوەیان لێ نیشت سەرکردایەتیی گەلی باشوور بکەوێتە دەستی دەستەبژێرێکی دڵسۆز و خوێندەواری سەردەمناس. لەبەر ئەوە، بە پەلەپڕووزێ، سەرانی بەرەبابەکانیان گەیاندەوە کوردستان، بۆ ئەوەی هەرچی لە شەڕەزڕتانێی شاخ مابۆوە لە شار بیدۆڕێنن.
داگیرکەران سەرانی ئەو پارتخێڵانەیان وەک کەلوپەلی ناوماڵی خۆیان دەناسی و دەیانزانی بێ پرسی ئەوان موو ناپسێنن.
***
خۆ بەهاری نەوەدویەك،
تا گەورەکان نەهاتنەوە،
زیڕە و قیژەشمان چڕین بوو.
تا گەورەکان نەهاتنەوە،
هەڵدێرانیشمان فڕین بوو.

هەولێر ١٩٩٢ / لە "دیوانی براکوژی"یەوە
***
لەکاتێکدا، بە بڕیارێکی یووئێن باشوور نیمچەکیانێکی دیفاکتۆی دەست کەوتبوو، کۆڕەو ویژدانی دنیای وەئاگا هێنابوو، کامیرا و میکرۆفۆن و ئێکرانەکان باسی وڵاتێکیان دەکرد کە مێژوو لێی نەبان بوو، ئا لەو کاتەدا، لەپڕ، سەرانی بەرەبابەکان هەیپێیان لێ کرد، خۆیان گەیاندە بەغدا و لەبەر چاوی دنیا سەددامیان ماچ کرد.
ماچوموچ و دەستەملانبوونی ئەژدیهای بەغدا لەو کات و ساتەدا زۆر کاری کردە سەر بیروڕای گشتی و جیهانی حەپەساند. وەک هاونیشتمانێکی کوردستان، منیش یەکێک بووم لەوانەی پێیان وابوو چوونە بەغدا مەسەلەی کوردی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتییەوە گێڕایەوە ناو بازنەی بۆشی لێکحاڵینەبوونێکی خێڵەکی و دەودەوانێی نێوان ئەندامانی خێزانێک.
ئەو ماچوموچ و دەستەملانێیە لەپڕ و بێسەروبەرەی بەناو "بەرەی کوردستانی" لە هیچ پرۆتۆکۆڵێکی گفتوگۆدا جێی نابێتەوە. کەسانێک قیچۆکەیەک ڕێز لە قوربانییەکانی گەلی خۆیان بگرن، خۆیان دەکوژن، بەڵام ئەمە ناکەن.
مانەوەی دووورودرێژی سەرانی پارتخێڵەکان لە بەغدا و قوونپانکردنەوەیان لە ئوتێلە بە میک و ڤیدیۆ چاوەدێریکراوەکان بۆ ئەوە بوو ئاسنەکە لەبن چەکوشی یووئێن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سارد بێتەوە و ئەنفال و کیمیاباران و کاولکردنی کوردستان بە شەڕەچەپۆکی دوو برای ناو خێزانێک بێتە بەر چاو. هەرواش دەرچوو.
ئەگەر تەنیا باسی مۆسکۆی پێش ماچ و دوای ماچەکە بکەم بە نووسینی کتێبێکیش تەواو نابێ. لەوان ڕۆژاندا جوامێری و خۆڕاگری و چاوتێریی کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستان لەبەرچاو بوون. هەستی خۆڕسکی نەتەوەیی هەموو لەمپەرەکانی تێکشکاندبوو. کوردانی شوورەوی، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، باکوور و باشوور بە زگی برسی، لەبن چەند چادرێکی بەردەمی وەزارەتی دەرەوەی شوورەوی، بەو سەرماوسۆڵە خزابوونە بن باڵی یەکترەوە. گەورەترین ڕێپێوان و خۆنیشاندان بۆ ئەوسا ڕووداوێکی دەگمەن بوو. بە یەکبوون سەری گرت و سەریش کەوت. بۆ یەکەم جار ئاڵایەکی گەورەی کوردستان لە شەقامەکانی مۆسکۆ شەکایەوە و میدیای ڕووسیش ترسی لە وشەی کورد

و کوردستان ڕەوییەوە.

لە گەرمەی خۆپیشاندان‌دا هاوڕێی خوالێخۆشبووم، ڕۆژنامەنووسی عیراقی جەلال ماشتە هاتە تەکم و سرتاندی: " کاکە، ئەوا جەماعەت لە بەغدان، سەددامیشیان ماچ کرد!".

دەردی قووڵی ئەوان ڕۆژانم، لە هۆنراوەی (ماچ) هەڵڕشتووە و لە سەروبەندی یەکەم گەڕانەوەم بۆ کوردستان زۆر بە فراوانی بڵاو بۆوە و سەرێشەیەکی زۆریشی بۆ پەیدا کردم. ئەمەی خوارەوە کۆپلەی یەکەمە:

ئەوەی تۆ گوشیت، دەست نەبوو:<br>
ئەژدیهایەکی پێنجسەر بوو.<br>
ئەوەی ماچت کرد، ڕوو نەبوو:<br>
تۆماری قانوونی جەنگەڵ،<br>
شوورەی بەرلین، سمی کەر بوو.

بەهاری ١٩٩١ مۆسکۆ " لە دیوانی براکوژی"یەوە

-